

پشتیوان عەزیز
پاڵەوانی لەشجوانی:

# کەلوپەلی وەرزشیم فرۆشت بۆ ئەوەی بەشداری لە پاڵەوانێتییەکان بکەم

قەزای چەمچەماڵ لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە، یەکێك لەو یاریزانە بەتوانایانەش (پشتیوان عەزیز)ە کە لە یاریی لەشجوانیدا یەکێکە لە پاڵەوانەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق، ئەم پاڵەوانە ساڵی (١٩٨٥) لە قەزای چەمچەماڵ لەدایکبووە و تائێستا لە پاڵەوانێتییەکانی لەشجوانیدا چەندین ئەنجامی شایستەی بەدەست هێناوە و خاوەنی ٢٦ بڕوانامەیە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، لە دوایین پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی (IFBB) لە شاری هەولێریش توانی لە کێشی ٧٠کگم ببێتە پاڵەوان، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

**دیمانە: کارزان کانبی**

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی لەشجوانی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-یاریی لەشجوانی زۆر بە باشی پەرەی سەندووە، لای هەمووانیش ئاشکرایە بە چ شێوەیەك گەنجان و لاوان لە شارەکانی کوردستان روو لەم یارییە دەکەن، ئەوەش نیشانەی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی یارییەکەیە لە کوردستان.

*** ئەوەی روو لەم وەرزشە دەکات، بۆ بەرەوپێشچوونی خۆی دەبێت چی بکات؟**

-یاریزان دەبێ زۆر بە باشی و رێکوپێکی بە شێوەی تەندروست خواردنەکانی بەکار بێنی، هەروەها رێکخستنی سیستەمی خەوی بە شێوەیەکی باش بێت، بۆ ئەوەی زیاتر تەندروست بێ.

*** ئایا کردنەوەی پاڵەوانێتی ساڵانە یەك جار دەبێتە هۆکار بۆ پێشەوەچوونی ئەم یارییە؟**

-هەموو یاریزانێك دەبێ ساڵێ جارێك بەشداری پاڵەوانیەتییەك بکات بۆ ئەوەی توانای لەشی بەرەوپێش بچێت، ئەنجامدانی پاڵەوانێتیش بۆ یاریزانان بێگومان دەبێتە هۆی پێشکەوتنی زیاتری یاریزان.

***کردنەوەی ئەو هۆڵانەی لەشجوانی تا چەند بە مەبەستی خزمەتە و چەندیش بازرگانییە؟**

- بێگومان هەندێك کەس بۆ بازرگانیکردن هۆڵیان داناوە و بەشێکیش دەیانەوێ لە کوردستان خزمەتی ئەم یارییە بکەن.

*** پەرەسەندنی ئەم یارییە لە ناو چینی گەنجاندا لە چ ئاستێکدایە؟**

- بە شێوەیەکی زۆر باش ئەم یارییە پەرەی سەندووە لە ناو چینی گەنجاندا، تەنانەت لای ئافرەتانیش ئێستا یەکجار گرنگیی پێ دەدرێت.

*** بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

-هەوڵی زیاتر دەدەم بۆ بەرەوپێش چوونم بۆ ئەوەی بتوانم بەشێوەیەکی باشتر لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو بەشداری بکەم.

*** دەڵێن لەسەر گیرفانی خۆت بەشداری چەند پاڵەوانێتییەکت کردووە؟**

-بەڵێ، هەندێك کەلوپەلم کڕیبوو بە شێوەی قست بۆ ئەوەی راهێنانیان لەسەر بکەم، دواتر فرۆشتمەوە بۆ ئەوەی بتوانم بەشداری لە پاڵەوانێتییەکان بکەم.

*** تاچەند بەکارهێنانی دەرمانی وزەبەخش لەسەر یاریزانانی لەشجوانی کاریگەری دەبێت؟ ئایا خۆت بەکاری دەهێنیت؟**

-وەکو خۆم بە رێژەیەکی کەم دەرمانی وزەبەخش بەکاردەهێنم، زیاتر گرنگی بە خواردن دەدەم، لە کاتی خۆی خواردنەکان دەخۆم.

*** وەکو یاریزان و پاڵەوانێك باشترین ئەنجامەکانت چین؟**

-دوو ساڵ لەسەر یەك یەکەمی هۆڵەکانی عێراق بووم، لە ساڵی ٢٠١٧و ٢٠١٨، ساڵی ٢٠١٩بوومە پاڵەوانی (IFBB) و توانیم لە پاڵەوانێتییەکە پلەی یەکەم بەدەست بهێنم و مەدالیای ئاڵتوونم وەرگرت.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتەی بە وەرزشکارانی دەکات لە شارەکانی کوردستان، سوپاس بۆ مامۆستا نزار غەزلی و هەموو ئەوانەی هاوکارم بوون.

# عیماد ئەسعەد لەگەڵ پێشمەرگەی هەولێر بەردەوام دەبێ




عیماد ئەسعەدی کاپتنی پێشووی یانەی پێشمەرگەی هەولێر و بەتەمەنترین یاریزانی وەرزی رابردووی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کە توانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەستبهێنێت، دوای ئەوەی لە ساڵی (٢٠١٤تاکو٢٠١٩) لە خزمەتی یانەی پێشمەرگە بووە و چەندین نازناوی لەگەڵ یانەکە بەدەستهێناوە، ئەمساڵیش لە یاریکردن لەگەڵ یانەی پێشمەرگە بڕیاری وازهێنانی داوە، هەرچەندە بۆ وەرزی داهاتووش هەر لەگەڵ یانەی پێشمەرگە دەمێنێتەوە، بەڵام ئەمجارە وەکو کاری راهێنەری. لەم بارەشەوە عیماد ئەسعەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەرچەندە من ماوەی شەش وەرزە لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر یاری دەکەم و چەندین ئەنجامی باشمان بەدەستهێناوە و رۆڵی خۆم تێدا گێڕاوە و بەوپەڕی توانام خزمەتی یانەکەم کردووە، بەڵام ئەم وەرزە بەهۆی تەمەنەوە بڕیاری وازهێنانم لە یاریکردن داوە، بە سوپاسەوە سەرۆکی یانەکەم کاك جەمال کە هەمیشە پاڵپشتێکی زۆر باشمان بووە، پێی گوتم کە هەر لە یانەکە بمێنمەوە و کام شوێنت حەز لێیە لە یانەکە هەڵبژێرە، منیش بڕیارم داوە لەگەڵ کاپتن سەمیر و دەستەی راهێنەران بەردەوام بم لە یانەکە و بەردەوام خزمەتی یانەی پێشمەرگە بکەم، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو یانەیە زۆرترین دەستکەوتی وەرزشی بەدەستبهێنم، یانەی پێشمەرگەی هەولێر یانەیەکی گەورەیە و پاڵەوانی کوردستانە، تا لە توانامدابێت، خزمەتی ئەو یانەیە دەکەم.»

# یانەی کۆیە
# چاوی لە خولی نایابی کوردستان و عێراقە

تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی کۆیە ئەمساڵ خۆی ڕێکخستۆتەوە و چاوی لەوەیە کە لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستانەوە خۆی بگەیەنێتەوە ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان و یانەکانی عێراقیش، تیپەکەش بە بەشداریی چەند یاریزانێك ئامادەکارییەکانی دەست پێکردووە بۆ ئەوەی یانەی کۆیە بگەیەننە ئاستی یانەیەکی گەورە لە خولی نایاب، لەم بارەشەوە (ئارام ئەکرەم) راهێنەری تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی کۆیە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئامادەکاریدان بۆ ئەوەی بەشداری لە یارییەکانی قۆناخی دووەمی خولی تۆپی سەرمێزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بکەین، هیواشمان بەخۆمان هەیە کە بتوانین سەربکەوین، سەرەتا بەشداریی خولی پلە یەکی عێراقی دەکەین و دواتریش لە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستانیش هەوڵ بۆ ئەوە دەدەین لە هەردوو خول سەربکەوین، ئامادەکارییەکانیشمان وەکو پێویستە، هەرچەندە ئێستا تیپی کچانمان لە پلە نایابی کوردستانە و هەوڵیش دەدەین بۆ ئەوەی سەرجەم تیپەکانمان بگاتە خولی نایاب، کاریش بۆ ئەوە دەکەین.» لەبارەی گرفتەکانیشیان ئارام ئەکرەم گوتی: «وەکو تیپی تۆپی سەرمێز هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە، چونکە هەموو شتێکمان بۆ یاریزانان دابین کردووە، بەڵام هەندێك کەس هەیە لە شاری کۆیە کە تەنیا ئامانجیان تێکدانی وەرزشە، ئەگەرنا ئێمە وەکو کارگێڕیی یانەی کۆیەش هیچ گرفتێکمان نییە، دەمانەوێ ئاستی وەرزشی یانەکەمان زیاتر ببەینە پێش ئەوەی پێشمان بکرێ بۆ پێشخستنی وەرزشی شارەکەمان، هیچ کەمتەرخەمییەك ناکەین.



# فوتساڵی گازی باکوور کۆڵ نادات

تیپی فوتساڵی گازی باکووری شاری کەرکووك یەکێکە لەو تیپانەی کە وەرزەکانی رابردوو یەکێك لە رکابەرەکانی خولەکە بووە، بەڵام ئەم وەرزە تیپەکە دوچاری کۆمەڵێك گرفت بووە و ئەنجامەکانی بەراورد بە ساڵی رابردوو جیاوازییان هەیە، لە ئێستاشدا تیپەکە خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە بۆ ئەوەی لە قۆناخی دووەمی خولەکەدا بە شێوەیەکی باشتر دەربکەوێت، لەم بارەشەوە راهێنەری یانەی فوتساڵی گازی باکوور (مامۆستا قاسم جەمیل) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەك لە بەر مانگی رەمەزان دانیشتبووین، کە ئەوەش ساردییەکی دایە مەشقەکانمان، بەڵام ئێستا دەستمان بە مەشقەکانمان کردۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان ڕێکبخەینەوە»، لەبارەی گرفتەکانیشیان گوتی: «کێشەمان زۆرە، چوار یاریزانمان تاقیکردنەوەی دواناوەندییان هەیە، سەرەتای بەشداریکردنیشمان بۆ ئەنجامی باش بەشداریمان کردبوو، بەڵام سێ یاریزانی سەرەکیمان تووشی پێکان بوون و بارودۆخی یانەکەشمان تێکچووە، بەڵام تا ئێستا ماوین، لە خولەکە لە کێبڕکێدا ژمارەیەکی زۆر خاڵمان لەدەستدا، بەڵام کۆڵ نادەین و دەگەڕێینەوە بۆ نێو کێبڕکێیەکان».



# بۆفۆن وێستگەی خۆی دەستنیشان کرد



بە گوێرەی سەرچاوەیەکی راگەیاندنی ئیتاڵیا، جیانلویجی بۆفۆنی گۆڵپاریز پەیوەندی بە پۆرتۆی پۆرتوگالی دەکات.
رۆژنامەی لاگازیتا دێلۆ سپۆرتی ئیتاڵی بڵاویکردووە، کە بۆفۆن دەیەوێت لە کۆتاییەکانی تەمەنی پیشەگەرایەتی زیاتر یاری بکات و ئەزموونێکی دیکە لە خولێکی جیاواز تاقیبکاتەوە.
سەرچاوەکە ئەوەشی نووسیوە: دوای وازهێنانی ئیکەر کاسیاس لە یاریکردن بەهۆی نەخۆشی دڵەوە، کونسیساوی راهێنەری پۆرتۆ داوای لە بۆفۆن کردووە پەیوەندی بە یانەکەیان بکات.
لە رابردوو کونسیساو و بۆفۆن بەیەکەوە لە پارما یارییان کردووە و دۆستایەتییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە.
بەپێی سەرچاوە ئیتاڵییەکە لەم هەفتەیە چارەنووسی بۆفۆن ئاشکرا دەبێت، ئەمەش لە کاتێکدایە هەریەك لە یانەکانی بەرشلۆنە و فەنەرباخچە و پارما بۆ گواستنەوەی ئەم یاریزانە لەسەر هێڵن.
جیانلویجی بۆفۆن وەرزی رابردوو ٢٤ یاری لەگەڵ پاریس سانت جێرمان کرد و ٢٤ گۆڵی لێکرا.

# کۆنتی چاوی لە نیوەی پێکهاتەی ریال مەدریدە



سەرچاوەیەکی راگەیاندنی نزیك لە ریال مەدرید ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە کۆنتی راهێنەری ئەنتەر میلان دەیەوێت بۆ وەرزی داهاتوو پشت بە نیوەی پێکهاتەی ریال مەدرید ببەستێت.
رۆژنامەی مارکای مەدریدی لە راپۆرتە هەواڵێکدا ئاشکرای کردووە، کە بەرپرسانی ئەنتەر میلان لەسەر داخوازی کۆنتی بۆ گواستنەوەی کۆمەڵێك یاریزانی ریال مەدرید هاتونەتە سەرهێڵ، کە پێکهاتوون لە (گاریس بەیڵ، لۆکاس ڤاسکێز، ماتیۆ کۆڤاسیچ، ناچۆ هێرناندێز، ماریانۆ دیاز).
رۆژنامەکە نووسیویەتی: کۆنتی سەرکەوتووبووە لە رازیکردنی ئەنتۆنیۆ پینتۆسی راهێنەری توانای جەستەیی ریال مەدرید، کە پەیوەندی بە ئەنتەر میلان بکات، ئەم پیاوە رۆڵێکی کاریگەری بینیوە لە بردنەوەی ٣ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکان لەگەڵ ریال مەدرید.
سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، دوای رازیکردنی ئەنتۆنیۆ پینتۆس پێشبینی دەکرێت ژمارەیەك یاریزانی ریال مەدرید بە کۆمەڵ بۆ ئەنتەر میلان بگوازرێنەوە و بۆ وەرزی داهاتووی خولی ئیتالیا لە پێکهاتەی سەرەکی ئەنتەر میلان یاری بکەن.




# مێسی

## یەکەمی بێ ڕکابەرە

گۆڤاری فۆربسی ئەمریکی ریزبەندی دەوڵەمەندترین وەرزشوانانی جیهانی بۆ ٢٠١٩ بڵاوکردەوە و سێ پلەی یەکەمی ریزبەندەکەش لەلایەن ئەستێرەکانی تۆپی پێ داگیرکراون.

بەپێی نوێترین ریزبەندی گۆڤارەکە لیۆنێل مێسی ئەرژەنتینی بە کۆکردنەوەی ١٢٧ ملیۆن دۆلار لە پلەی یەکەمی دەوڵەمەندترین وەرزشوانانی جیهاندایە، کریستیانۆ رۆناڵدۆ لە پلەی دووەم دێت و خاوەنی ١٠٩ ملیۆن دۆلارە و نەیمار خاوەنی ١٠٥ ملیۆن دۆلارە و لە پلەی سێیەمی ریزبەندەکە دێت.

کانێلۆ ئەلڤارێز بۆکسێنەری مەکسیکی لە پلەی چوارەمی ریزبەندەکەیە بە ٩٤ ملیۆن دۆلار و رۆجێر فێدێرێر یاریزانی تێنسی سەر زەوی سویسری بە کۆکردنەوەی ٩٣,٤ ملیۆن دۆلار لە پلەی پێنجەمی ریزبەندەکەیە.

روسێل ویلسۆن یاریزانی ئەمریکی و یاری تۆپی پێی ئەمریکی لە پلەی شەشەمی ریزبەندە بە ٨٩,٥ ملیۆن دۆلارو پلەی حەوتەمی ریزبەندەکەش ئارۆن رۆدگێرسی یاریزانی هەمان یارییە بە ٨٩,٣ ملیۆن دۆلار.

لە پلەی هەشتەمی لیبرۆن جەیمسی ئەمریکی و ئەستێرەی یانەی لۆس ئانجلۆس لیکەرزی ئەمەریکی لە یاری باسکە خاوەنی ٨٩ ملیۆن دۆلارە، دوای ئەویش ستیڤان کێری ئەستێرەی یانەی گۆڵدن ستەیتی ئەمەریکی لە یاری باسکە بە ٧٩,٨ ملیۆن دۆلار پلەی نۆیەمی گرتووە، پلەی دەیەمیش بە ٦٥,٤ ملیۆن دۆلار بووەتە بەشی کیڤن دورانت ئەستێرەی گۆڵدن ستەیتی ئەمەریکی لە یاری باسکە.